KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-5-2007 21:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دەبێت هۆڵی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ خەڵکانی دۆست بە ئازادی بخرێتە سەر پشت نەک بۆ کەسانی دژ بە ئازادی، !... حەمە کەریم

لە تەمەنی 16 ساڵەی دەسەڵاتی خێڵەکی و میلیشیای ئەحزابی ناسیونالیستی کوردیدا، خەڵکی کوردستان چارەنوسیان تەنها، کوشتن و برین و ڕاو ڕوتی سەروەت و سامانی خەڵک و شەڕی چەند ساڵەی دەسەڵات و ئاوارە بوونی سەدان هەزار گەنج و لاوی کوردستان، بێبەشی خەڵکی کوردستان لە سەرەتایی ترین پێداویستیەکانی ژیان کە ئاوو کارەبا و ئەمنیەتی خەڵک بووە، فەراهەم کردنی ژیان بۆ کۆمەڵێک کەسی مافیای ناو دەسەڵات و شەرعیەت دان بە هەر کار و کردەوەیەکی کە لە بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان ئەنجامیان داوە، سەرەڕای ئەوەش ڕێزو حورمەت دانەنان بۆ خەڵکی کوردستان بەوەی کە داوای حکومەتی دڵخوازانەی خۆیان دەکرد و دەنگیان پێدا، بەڵام دەسەڵاتێک لە نەبونی ئاسۆی ڕونی خۆیدا بۆ داهاتو و سیاسەت کردنیان بە نرخی ڕۆژ لە پێناو کۆکردنەوەی سەروەت و سامانێکی بێ ئەژمار و دابەش کردنیان لە نێوان سەرانی دەسەڵاتدا، وە لەو جێگەیەی خەڵک بە دەنگ هاتبێت بۆ نان و ئازادی و ئاوو کارەبا، ئەمان هەڵۆ ئاسا لێ یان بە جواب هاتون و بە لولەی تفەنگ وەڵامیان داونەتەوە، لەو جێگەیەی بەردەوامی درابێت بە ناڕەزایەتی، ئەوا لەو جێگەیە ژمارەی زیندانیان بێ حەدو حساب بووە.

هەر لە میانەی دەسەڵاتی ڕەشی ناسیونالیستی کوردیدا کە ڕۆژانە لێرەو لەوێ هەواڵی کوشتنی ژنان و بریاری پاکسازی ژنان لە لایەن دەسەڵاتەوە چرای سەوزی بۆ هەڵکراوە، وەکو ئامارەکان بۆمانی دەردەخەن بە دەیان هەزار ژن بونەتە قوربانی لە سایەی دەسەڵاتێکی کۆنەپەرەستانەی کوردایەتیدا، دیارترینیان دوعای گیان بەخت کردووش نمونەی زیندووی پیلانی کۆنەپەرەستانەی هێزە میلیشیا کۆنەپەرەستەکانی ناو دەسەڵاتە، کە بە لەناو دان و کوشتن و بەردەباران کردنی ژنان و هێرش کردنە سەر ئێزیدیەکان لە جێگایەک کە حکومەتی هەرێم تیایدا باڵا دەستە، وە تا ئەنجام دانی دوا تاوان کەس وە جواب نەهات، وە جواب هاتنیشیان بۆ پەردەپۆش کردنی ڕاستیەکان بوو و هیچی تر.

دەبێت پەرلەمانی ئەوروپا بە ڕوی ئەو دەستەو تاقمە میلیشیایانەی ناو دەسەڵاتی کوردیدا دەرگاکانی دابخات و ڕێگە نەدات کە خەڵکانێک دژ بە ئازادین لەو جێگایە باس لە ئازادی بکەن، لە کاتێکدا ڕۆژانە بە هەزاران لاو و گەنج ئەو وڵاتە بەجێ دەهێڵن لە داخی دەسەڵات، کە سەرەتاییترین مافی ئینسانی تیادا دەستەبەر نەکراوە، دەبێت بە پلەی یەکەم کەسانێک کە لە ئەوروپا گیانیان لە خەتەردایە لەبەردەم هەڕەشەی ناردنەوە دان بۆ جێگایەک کە سەرانی دەسەڵاتی کوردایەتی دۆزەخێکیان داخستوە، دەبێت هەمو بە یەک دەنگ بۆ بەردەم پەرلەمان، بۆ ڕێگا گرتن لە دوبارە بونەوەی هاتنی دەسەڵاتدارانی کوردی بۆ پەرلەمانی ئەوروپی و، بە ناردنی نامەی ناڕەزایەتی ناردن و دروست کردنی ڕێکخراوەی ئاوارەکان و پەناهەندەکان بۆ بەرگرتن لە هاتنی کەسانێک کە بە هۆی ئەمانەوە بە سەدان هەزار کەس ئاوارە بون و ئێستاش چارەنوسی دەیان هەزار کەسیان لە خەتەری دیپۆرت کردنەوەدایە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.